# ئیسلام ئایینی ئاشتی یان ڕێنمایی تیرۆر؟

وەڵامێک بۆ ورێنەکانی سوار سەلیم-ی نەوەی ئەبو جەهلو ئەبو هورێرە!

بەشی یەکەم

پێشەوا کەرکوکی

Kirkuk33@hotmail.com

دوا بەدوای لێدوانەکەی بەڕێز بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەمەڕ پەیوەندی داهاتووی نێوان کوردستانو ئیسرائیل، پارتە شۆڤینیستو تیرۆریستە ئیسلامییەکانی ئێراقو کوردستان قیژەیان لێهەڵساو کەوتنە نارەزایی دەربرین لەدژی لێدوانە ئاساییەکەی ئەو. پاشانیش کۆمەڵێک وتاری نارەزاییو پشتیوانی لەسەر ئەم لێدوانە لەرۆژنامەو رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکاندا بڵاوکرایەوە، یەکێک لەوانە وتارێکی (مامۆستا دەرسیم دیبەگەیی) بوو کە پشتیوانی لەلێدوانەکەی بارزانی دەکرد، بەڵام وادیارە بەڵانسی ئیسلامییەکانی بەتەواوی تێکداوە، بۆیە کەسێک پێدەچێت ناوی خۆی نەبێت بەناوی (سوار سەلیم)، وەڵامێکی ئەوی لەژێرناوی (بۆ دەرسیمی نەزان) داوەتەوە. خۆزگە ئیمام (سوار سەلیم) بەدڵێکی فراوانەوە وەڵامەکەی دەنووسی، نەک پەنای ببردایە بۆ کۆمەڵێک قسەی سووکو ناشیرین، بۆ نموونە: (سەلا لە ئەقڵت فەریکە ڕۆشنبیر، تۆ کە ئاگاداری شتێک نەبیت بۆ لموزت تێی هەلدەسوی، لەو مێژووە شتێک نەبووە بەناوی جوو!! لەوانەیە لەدلێشت گران بێت کە ئاغاکانت لەو مێژووەدا پەیدا نەبوبوون!!، هەرچەندە شایەنی ئەوە نیت کە زانیاریت پێبدەم، بەڵام هەندێک زانیاریت پێدەدەم دەربارەی جوولەکەو فەلەستین تا ئاغاکانی خۆت باش بناسی، خۆت دەڵێی جووەکان فەلەستینیان کۆنترۆڵکرد، لێرەدا خۆت بەدرۆ دەخەیتەوە، مەگەر کۆنترۆڵ بە داگیرکردن نەزانی؟، وادیارە زۆر کۆلەواری، بەڵام تۆ لەبەر داخ لە دڵیت بەرامبەر موسڵمانانو نۆکەریت بۆ گاوران شتەکانت ئاوەژوو کردۆتەوە، پێدەچێت ئەقڵت ڕەشکەو پێشکە بکا، تۆ شایانی ئەوەی خەڵاتی نۆبل وەربگری لە جەهالەتو قەللاجی!، ئەم بۆچوونە سەقەتانە چییە هەتە؟، لەمەودوا بۆ خۆت شت بخوێنەوە تا خەڵکانی جگە لەکورد گاڵتەمان پێ نەکەنو نەڵێن کورد هەموویان ئەوها قەللاجن!!، ئای کە داماوو نەزانی، هێنو گێزەر لێک ناکەیتەوە، کەرەکەی باخچەی ئاژەڵان تەنیا یەک ڕۆژ دواکەوتبوو، ئاوا بووە پەند لەناو ئاژەڵان!!! بەڵام جەنابت دەیان ساڵ دواکەوتوویو شایەنی پلەیەکی بەرزی!!، تۆ وادەزانی گەلی کورد هەموویان وەکو تۆ هەڵخەڵەتاوو دەبەنگن؟ ئێوەی بوودەڵە زۆر لەوە شەمووڵەترن تا دە ساڵی تریش پەنجا کەس بێننە سەر شەقام دژی ئیسلام).

دوای ئەو وەڵامە، هەوڵمداو لەرێگەی ئیمێیلەوە پەیوەندیم بە (مامۆستا دەرسیم)ەوە کرد بۆ ئەوەی بزانم خۆی دەیەوێت وەڵامی نووسینەکەی ناوبراو بداتەوە یان نا؟ کەچی بەداخەوە هیچ وەڵامێکم لەوەوە بەدەست نەگەیشت، ئێستاش ماوەیەکی زۆر بەسەر بێدەنگی ئەو تێپەڕی، بۆیە لەبری ئەو بەندە دەیەوێت وەڵامی ئەو نووسینە بداتەوە.

سەرەتا دەڵێم بەداخەوە کە عەرەبەکان، هەروەکو چۆن توانیویانە سەرکەوتووبن لەوەی کە ئەو رقو کینە گەورەیەی لەناخیاندا هەبووە بەرامبەر بە جوولەکەو ئیسرائیل، لەنێو وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامیدا بڵاویبکەنەوە، بەهەمان شێوەش هەر لەدوای داگیرکردنی کوردستان-ەوە لەلایەن زایۆنیزمی عەرەبی ئیسلامی لەساڵی 13ک/624ز و بەتایبەتی لەدوای گۆڕ بەگۆڕکردنی رژێمە فاشیو رەگەزپەرستەکەی سەددام، توانیویانە هەمان رقو کینەی گەورەی خۆیان لەدژی کوردو کوردستان نەک تەنیا لەناو وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامی بڵاوکەنەوە، بەڵکو توانیویانە تەنانەت ئەو رقو کینەیە لەناو ئیسلامییەکانی کوردستان-یش دژ بە کوردو کوردستان بڵاوبکەنەوە.

گەورەترین گرفتی ئیسلامییەکانی کوردستان ئەوەیە کە بەرنامەیەکی نەتەوەییو نیشتمانیان نییە بۆ کوردو کوردستان. بەبۆچوونی من هەرگیز کوردستان لەسەر دەستی ئەوان رزگاری نابێت، چونکە یەکەم ئەوان بەو ئاراستەیەدا خەبات ناکەنو دووەمیش ئەوان دەیانەوێتو هەوڵدەدەن بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی کە خۆیان ناویان ناوە یاسای قورئانو ئیسلام، بەمەش خزمەتێکی (جاشایەتییەکی) گەورە بەکلتوری عەرەبی دەکەنو نەتەوەی کوردو خاکی کوردستان-یش بەژێردەستیو داگیرکراوی عەرەبی ئیسلام دەهێڵنەوە.

ئەو قسە ناشیرینانەی کە تۆ بەکارت هێناون، ئەوە رەنگدانەوەی بیروباوەڕە ئیسلامییەکەی خۆتنو هەڵقوڵاوی نێو قورئانن. (س.س)ی ئیسلامی، من کە دەڵێم سەرچاوەکەی قورئانە دەمەوێت بۆتیشی بسەلمێنم کە وایە، فەرموون سەیری سورەی (الجمعة)، ئایەی (5) بکەن کە نووسراوە: (مثل اللذين حملوا التورات ثم لم يحملوها كمثل الحمار يحمل أسفار بئس مثل القوم الذين كذبوا بئايت الله لايهدى القوم الظالمين). واتە: (وێنەی ئەوانەی کە تەوراتیان درا بەسەردا تا پەیڕەوی بکەن، پاشان هەڵیان نەگرتو پەیڕەویان نەکرد، وەک: گوێدرێژێک وایە کە بارە پەرتووکێکی هەڵگرتبێت، ئای کە چەندە ناشیرینە وێنەو نموونەی ئەوانەی کە ئایەتەکانی خوایان بەدرۆ زانیووەو بڕوایان پێی نەبوو، بێگومان خوا هیدایەتو ڕێنمووییی ستەمکاران ناکات). (قورئانی ئاسان. ل 553).
بەگوێرەی ئەو ئایەتەی سەرەوە، خوا هەموو ئەو کەسانە دەکاتە گوێدرێژو بەگوێدرێژیان دادەنێت، کە باوەڕیان بەتەورات نەهێناوە، باشە خوا بۆ بەچاوێکی واسووک سەیری گوێدرێژ دەکات، کە گوایە خۆی دروستی کردووە؟ باشە موسڵمانەکان وێنەگرتنی مرۆڤیان پێ حەرامە، ئەی بۆ دەبێت کردنی مرۆڤ بە گوێدرێژ رەوابێت؟

هەروەها لەسورەی (المدثر)، ئایەی (50)دا هاتووە: (كأنهم حمار مستنفرة)، واتە: (دەڵێی گەلە گوێدرێژی کێوینو دەسڵەمینەوە). (قورئانی ئاسان. ل577.
دووبارە خوا، مرۆڤ بە گوێدرێژ دەچوێنێ، لەکۆمەڵگای ئیسلامیو بەتایبەتیش ئەو کەسانەی کە قورئان دەخوێننەوە، بەئاشکەرا کاریگەری ئەو ئایەتانەیان بەسەرەوە دیارەو ووشەی کەرو گوێدرێژ

زۆر بەکار دەهێنن بۆ نموونە: کەر، برۆ هەی کەر، دەڵێی کەری، کەری کوڕی کەر، هەی لەکەر کەرترو هتد.....! کاتێک کە خواکەتان لەکەسێک توورە بێت بە گوێدرێژ ناوی ببات، باشە ئەگەر کەسێک بکەوێتە بەر غەزەبی ئێوە، دەبێت چۆن ناوی بەرنو تۆڵەی لێبکەنەوە؟ ئاخر قورئان دەبوایە فێری رێزگرتنو خۆشەویستیتان بکات، نەک جنێوو رقو کینە!

لەسورەی لوقمان، ئایەی (19)دا هاتووە: (وأقصدوا في مشيك وأغضض من صوتك إن أنكر الاصوات لصوت الحمير)، واتە: (هەوڵبدە لەڕۆیشتنتدا مام ناوەندیانەو برۆ، بەدەنگی هێواش گفتوگۆ بکەو بدوێ، چونکە بەڕاستی بێزارترینو ناخۆشترینی دەنگەکان دەنگی گوێدرێژەکانە).
بەگوێرەی ئەو ئایەتەی سەرەوە، جگە لەوەی کەخوا، گوێدرێژ بەئاژەڵێکی بێ ئەقڵ دادەنێت، ناڕازیشە لەدەنگەکەی! ئاژەڵێک کە گوایە خوا خۆی دروستی کردبێت، بۆ بەم چاوە سووکە سەیری دەکاتو ناڕازییە لێی؟ بۆ دەبێت ئەگەر هەرکەسێ بەدەنگی بەرز قسە بکات، خوا بەگوێدرێژی بچوێنێ؟ دەبوایە خوا بیزانیایە کە دەنگی مایکرۆفۆنی مزگەوتەکان زۆر بەرزنو خەڵکێکی زۆر لەو دەنگانە بێزارە! بەڕاستی گوێدرێژ ئاژەڵێکی بێوەیەو، گوناهیشە کەسانێکی دڕندەو مرۆڤکوژی وەکو تیرۆریستەکانی ئێراق کە لەنێو ئاپۆرەی ژنو منداڵو خەڵکی بێتاواندا خۆیان دەتەقێننەوە، بە گوێدرێژ ناوزەد بکەین، چونکە ئەوە زوڵمێکەو بەزمانی (سوار سەلیم) لە کەری دەکەین.
جا کە زمانی قورئان بەمشێوەیە بێتو، بەسووکی ناوی گوێدرێژ بهێنێتو مرۆڤ بە کەر ناوببات، هەرگیز رەچاوی باشترو ئەوەش لەئێوەی ئیسلامی ناکرێت کە جگە لەسەیرکردن بەچاویلکەی قورئان کەسانی نەیارانی خۆتان بەشێوەیەکی تر ببینن! بۆیە زمانی تۆو کەسانی وەکو تۆش بەمچەشنەیەو باوەڕیش ناکەم هەرگیز چاوەڕوانی باشترتان لێبکرێت! هەروەها ئەو سێ سورەیە کە زۆر باسی گوێدرێژ دەکەن، دەبوایە سێ ناوی تریان هەبوایە، نەک ناوەکانی (جومعەو ئەلمەدثەرو لوقمان)!